KCCRC

Islamic Studies

# مەراسیم و سرووتی مەزهەبی شیعەی ئیمامی لە یادەکانی عاشوورا و چلە



٧٦

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# مەراسیم و سرووتی مەزهەبی شیعەی ئیمامی لە یادەکانی عاشوورا و چلە

زیرەك ئەحمەد رەحمان

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
٧٦

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

# مەراسیم و سرووتی مەزهەبی شیعەی ئیمامی لە یادەکانی عاشوورا و چلە

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

هەر دین و مەزهەبێك و تەریقەت و ڕێباز و ڕێچکەیەك کە مرۆڤ بە هۆیەوە دینداری دەکات، خاوەنی کۆمەڵێك پەرستش و مەراسیم و سرووتی تایبەت بە خۆیەتی، ڕەنگە لە هەندێکیان هاوبەش بێت لەگەڵ هاودینانی خۆی، گەرچی مەزهەب و تایەفە و تەریقەتیشی جیا بێت، هەیشە هەر لەناو خودی مەزهەبەکە، چەند شێواز و دەرکەوتەی جیاجیا هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە لە مەراسیمە دینیانە. زۆربەی جار هەندێ هێڵی گشتی دەمێنێتەوە کەوا دیندارانی ناو یەك دین دەبەستێتەوە، گەرنا مەزهەب لەگەڵ مەزهەبێکی تر وەك دوو دینی نیمچە جیاواز دەردەکەون، چونکە بینا و ڕوانینیان ڕەنگە بۆ خوا و وەحی و پێغەمبەران و زۆر شتی تر جیاواز بێت.

دینی ئیسلام وەك کۆی دینەکانی تری پێش خۆی، لە هەمان ئەم دۆخەیە، ڕەنگە دروست بێت بڵێین: دۆزینەوەی ڤێرژنە ئەسڵییەکەی ئیسلامی قۆناغی پێغەمبەرایەتی زۆر سەختە گەر ئەستەم نەبێت، بۆیە دوای پێغەمبەرایەتی، ئیتر ئیسلام و دەقی قورئان بە تێگەیشتنی کەسەکان فۆڕمی جیاجیا وەردەگرێت، بۆیە ئاسایی فۆڕمی چوار خەلیفەی یەکەم جیاوازە لە خیلافەتی دەوڵەتی ئومەوی، بگرە هەر چوار خەلیفەکەی یەکەم لەنێوان خۆیاندا هەریەکەیان جۆرێك دونیابینیی ئیسلامیان لێ بەدی دەکرێت، ئیتر چەندە زەمەن تێدەپەڕێت، هێندە فۆڕم و بینایی جیاجیا لەم دینە دەخاتەوە. بۆیە تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری مەزهەبەکان زادەی ئەم قۆناغانەی سەرەتای مێژووی ئیسلامیین، تاك و تەرایەکیان نەبێت هی قۆناغەکانی دواترن.

سەرەکیترین مەزهەبی ئیسلامی لە ڕووی چەندێتییەوە: شیعە و سوننەن. هەرچەندە گەر بە وردتر لەم دوو مەزهەبە بڕوانین. ئەوا دروستتر وایە ئەوانیش دوو تۆپەڵە مەزهەبن، لەناو هەریەکەیان کۆمەڵێك مەزهەب و مەدرەسەی هێند لێکتر جیاوازیان تێدایە، ڕەنگە هەریەکەیان خۆی بە ڤێرژنە ئەسڵەکەی مەزهەب پاشان ئیسلامی ڕاستەقینە بزانێت. هەر بۆیە بە هۆی ئاڵۆزکانی مێژوویی و زۆری و بۆری و جیاوازیی سەرچاوەکانیش، ئەستەمە سەرەتایەکی کۆنکریتی بۆ دامەزرانی هەریەك لەم دوو مەزهەبە دیاری بکرێت. بەڵام هەر دیاردەیەکی نێو هەر مەزهەبێك گەر بە وردی بەدوایدا بچین، ڕەنگە لە قۆناغێکی مێژوودا ڕەچەڵەکی بدۆزینەوە.

مەزهەبی شیعە، کە لەم باسەدا پتر مەبەستمان لە شیعەی دوازدەیی یاخود ئیمامی یا جەعفەرییە، وەك مەزهەبێکی فراوانی ئیسلامی، خاوەن کۆمەڵێك دەرکەوتە و مەراسیم و پەرستشی تایبەت بە خۆیان، ڕەنگە لە هەندێکیان هاوبەش بن لەگەڵ مەزهەبە شیعییەکانی تری وەك زەیدی و ئیسماعیلی و ... هتد، لە هەندێکیش لەگەڵ مەزهەبەکانی ناو سوننە وەك هەندێ تەریقەتی تەسەووف. بەڵام خاوەنی هەندێ مەراسیم و سرووتن کەوا تەواو جیاجیایان دەکاتەوە لەوانی تر. یەکێك لەمانەش ئەم مەراسیم و شەعائیرەی کەوا لە ڕۆژانی عاشوورا تا چلەی شەهیدبوونی ئیمامی حسێن ئەنجامی دەدەن.

### شەعائیری حسێنی

مەبەست لە کۆی ئەو مەراسیم و چالاکی و پەرستشانەیە کەوا موسڵمانانی شیعەی ئیمامی دەیکەن بە بۆنەی جەنگی تەف لە کەربەلا و کوژرانی ئیمامی حسێنی کوڕی عەلی، کە دەکەوێتە هەردوو مانگی موحەڕەم و سەفەر بەپێی ساڵنامەی کۆچی/مانگی، خۆی دەبینێتەوە

لە دە ڕۆژی یەكەمی مانگی موحەڕەم، كە گرنگترینیان بریتییە لە دەیەمین ڕۆژ كە ڕۆژی كوژرانی ئیمامی حسێن و ماڵبات و یارانی، ئینجا چل ڕۆژ دوای ئەمە واتە دەكاتە (٢٠)ی مانگی سەفەر كە ڕۆژی چلەی ئەو شەهیدانەیە. كە ئەم ڕۆژانە هەندێكیان هەندێ مەراسیمی هاوبەش و دووبارەیان تێدایە و هەندێكیشیان لە هەر ڕۆژێك مەراسیمی تایبەت بە خۆی هەیە.

### گریان بۆ حسێن:

حسێنی كوڕی عەلی كوڕی ئەبو تاڵیب، لە باوكەوە دەكاتە كوڕی ئیمامی عەلی ئامۆزای محەمەد پێغەمبەر (د.خ) لە دایكەوە كوڕی فاتیمەی كچی پێغەمبەرە. لە

> بەپێی سەرچاوەكانی شیعە و سوننە بەر لەوەی ئەم ڕووداوە ڕوودات، پێغەمبەر (د. خ) وەك موعجیزەیەك زانیویەتی كە حسێن لەسەر خاكی كەربەلا شەهید دەبێت

دوای كۆچەوە لەدایكبووە و لە دەیەم ڕۆژی موحەڕەمی ساڵی (٦١ك) كوژرا، بە هۆی یاخیبوونی لە دەوڵەتی یەزیدی كوڕی معاویەی كوڕی ئەبو سوفیان، ئەڵبەت بە خۆی و ژمارەیەك لە یاران و كەسوكاری.

بەپێی سەرچاوەكانی شیعە و سوننە(١)، بەر لەوەی ئەم ڕووداوە ڕووبدات، محەمەد پێغەمبەر (د. خ) باپیری حسێن وەك موعجیزەیەك زانیویەتی كە حسێن لەسەر خاكی كەربەلا شەهید دەبێت و بۆ ئەم ڕووداوە بە كوڵ گریاوە. وەك لە حەدیسەكاندا هاتووە جوبرائیل قوتوویەكی هێناوە و داویەتیێ، گوتوویەتی ئەم قوتووە خۆڵی ئەو خاكەی تێدایە كە حسێن لەسەری دەكوژرێ، ئەویش هێندە گریاوە چاوەكانی سوور هەڵگەڕاون، كە خێزانەكانی ئەویان دیتووە بەم حاڵەوە شپرزەبوونە، ئەویش تێی گەیاندوون ئیتر ئەمەیە مەسەلەكە.

بۆیە تەقلیدكارانی شیعەی ئیمامی ئەمە دەكەنە سەرەتایەك بۆ گریان بۆ مەرگی حسێن و ئەسڵی شەرعی ئەم كارە.

### گێڕانی ماتەم

بە پێی سەرچاوەكانی شیعە، ئەم ڕیوایەتەی پێشوو دەكەنە سەرەتای یەكەم ماتەم كە بۆ مەرگی ئیمام حسێن گێڕدرا بێت. بەڵام ئەمە هەر وەك ماتەمێكی ڕۆحی بووە، یانی هێشتا هەر ئیمام لە ژیاندا بووە، بەڵام بە پێی گێڕانەوە مێژووییەكان یەكەم ماتەم بۆ حسێن ڕاستە و دوای ڕووداوی تەفی كەربەلا بووە. دوای شەهیدبوونی ئیمام و كەسوكاری لە بنەماڵەی هاشمی و یارانی، هەر لەو گۆڕەپانەی جەنگەكە ئافرەتانی عەلەوی و خوشك و هاوسەر و كچانی ئیمام تا ڕۆژ بە ئاسمانەوە بووە شیوەنیان بۆ شەهیدەكانیان گێڕاوە، سێ ڕۆژان ماتەمیان داناوە. ئەوساكە عەلی كوڕی ئیمام هەم نەوجەوان هەم نەساخ بووە، سەرباری ئەمە هەر كاتێك دەگریان ڕمێكیان لەسەریان دەدا یا قەمچی.! دوای ئەمە ئەم دۆخە دەگوازرێتەوە مەدینە و بۆ ماڵەكانی پێغەمبەر (د.خ) ئوم سەلەمەی هاوسەری، كە ئەم ڕووداوە دەبیستێ ئەم قوتووە دێنێ كەوا پێغەمبەر داویەتیێ و خاك و خۆڵی كەربەلای تێدایە و ئەمە بۆ خەڵكەكە دەگێڕێتەوە و دەبێتە ماتەمێكی گەورە لە مەدینە(٢). هەبووە لەوانە یەك ساڵ ماتەمی گێڕاوە!.

### زیارەت و لاواندنەوە:

دوای ئەم ڕووداوانە و سپاردنی لاشەی حسێن بە خاك. بەپێی ڕیوایەتی كتێبەكانی شیعە و هەندێ سەرچاوەی مێژوویی(٣) ، یەكەم كەس هاتووە بۆ سەر گۆڕی حسێن، عەبدوڵڵای كوڕی حوڕی جەعفی بووە، بە

هـۆی نزیکـی لـەو شـوێنەی کـە پێـی دەگوترێ تـەف، واتـە گۆڕەپانـی جەنگەکـە، دوای ئـەوەی سـەری ئـەم شـوێنەوارەی کـردووە لـەم جێیـە، چەنـد لاوانەوەیەکـی گوتـووە لـە هـەق سـتەمکردن لـە ئیـمام و زوڵمـی ئومـەوی و سەرەخۆشـیکردن لـە فاتیمـەی دایکـی حسـێن. بـەڵام لـە (بحـار الأنـوار)(٤) هاتـووە عقبـەی کـوڕی عەمـرِ سـەهمی یەکـەم کـەس بـووە لـەو شـوێنە شـیعری بەسـەر ئـەم ڕووداوانـەدا گوتـووە. شـێخی تووسـی باسـی ئـەوە دەکات(٥): یەکـەم کـەس لـە چلـە (الاربعـین) سـەردانی گـۆڕی ئیمامـی کردبـێ، جابـری کـوڕی عەبدوڵـڵای ئەنسـاڕی سـەلەمی خەزرەجـی بـووە.

**قەدەغەکردن:**

ئەوانـەی کـەوا لـە کاتـی جەنگەکـە پشـتیان لـە ئیمامـی حسـێن کـرد، بـە هـۆی تـرس و تۆقاندنیـان لەلایـەن ئومەوییەکانـەوە. دوای ماوەیەکـی کـەم لـە ڕووداوەکـە

> **مەراسیمی چلە بایەخی خۆی هەیە و لە سەرچاوەکانی شیعەی ئیمامی دەقی لەسەر هاتووە**

وەك سەرزەنشـتکردنی خۆیـان دەسـتیان بـە جموجـۆڵ کـرد. ئەوانـە پێیـان دەگوتـرا (توابـین) تۆبـەکاران، وەك ئـەوەی تۆبەیـان لـەم هەڵەیـە بێـت کـە بەرامبـەر ئیـمام کردوویانـە. بۆیـە وەك لـە مێـژوودا هاتـووە، لـە سـاڵی (٦٥ك) ژمارەیـەك لەوانـە کـە نزیکـی (٤٠٠٠) کـەس بوونـە بـە سـەرکردایەتی

سـەردی خوزاعـی دروشـمی تۆڵـەی خوێنـی حسـێنیان بەرزکـردەوە لـە کووفـە(٦)، بـەرەو گـۆڕی ئیـمام کەوتنـە ڕێ و شـەو و ڕۆژێـك بـەردەوام مانـەوە بـە گریـان و تۆبـە و داوای لێخۆشـبوون، بـەڵام سـوپای ئومـەوی بۆیـان چـوو و دوای کوشـتارێکی زۆر سـەرکردەکەیان کـوژرا و لەوێـدا شـکان(٧). پـێ بـە پـێ زیارەتـی گڵکـۆی ئیمامـی حسـێن بۆتـە نەریـت لـە سـەردەم بۆ سـەردەمێك گـۆڕاوە. سـەردەمی وا هەبـووە قەدەغـە بـووە و بەنهێنـی کـراوە، سـەردەمی واش هەبـووە دەسـەڵات خـۆی ئەمـەی کـردووە، تـا شـوێنەکەی چەنـدان جـار گومـەز و بینـای لەسـەر کـراوە و تێکـدراوە، چەنـدان جاریـش نـوژەن کراوەتـەوە. دوای ئـەوەی مـەزاری ئیـمام دەبێتـە شـوێنی زیارەتـکاران، یەکـەم کـەس زیـارەت و ماتـەم لـەو شـوێنە قەدەغـە دەکات خەلیفـە متەوەکیلـی عەباسـی دەبـێ، کـە گۆڕەکـە و گەڕەکەکانـی دەوروبەریشـی خاپـوور دەکات(٨). هـەروەك مەنسـووری دوانیقـی گۆڕەکـە تێـك و پێـك دەدات، پێشـتریش هاروونـە ڕەشـید لەسـەر گۆڕەکـە کشـتوکاڵ دەکات ئەمـەش وەك هەوڵێـك بـۆ شـون بزرکردنـی(٩). بـەڵام دوای لاوازبوونـی عەباسـییەکان و بەهێزبوونـی بوەیهییـەکان کـە خـاوەن هەسـتێکی شـیعیانە بـوون ئیـتر دۆخەکـە گـۆڕا.

**پشتیوانی:**

بوەیهییـەکان دووبـارە شـوێن گـۆڕی حسـێنیان کـردەوە مـەزار، بـە تایبـەت کـە لـە سـەدەی دەیەمـی زاینـی، کـە موعیزەدەولـەی بوەیهـی هاتـە سـەر حوکـم، کـە وەزیرەکـەی ئیـبن موهەلیبـی شـیعی بـوو: لـە دەی موحـەڕەم (٣٥٢ك/٩٦٣ز) بـۆ یەکـەم جـار بـە ئاشـکرا و بـە ڕەسـمی ئـەم ماتەمـەی بـە مەڕاسـیمێکی گـەورە سـازکرد، خەڵـك شـیوەنیان دەگێـڕا و یەخەدادڕیـن و لەخـۆدان و ئەمانـەش هاتە سـەر لاواندنـەوە و زیارەت(١٠)، بـە هەمـان شـێوە لە سـەردەمی فاتمییـەکان لـە میسـر ئەمـە مەراسـیمی گـەورەی بـۆ سـازدەکرا تەنانـەت بـازاڕ و کڕیـن و فرۆشـتن دەوەسـتا و خەڵـك دەچوونـە زیارەتـی مەقامـی ئـوم کەلسـوم لـە قاهیـرە و پاشـان پـۆل و پـۆل بـە شـاردا سـوڕانەوە و گریـان و شـیوەن دەکـرا(١١). هەرچەنـد مەزهەبـی ڕەسـمی دەوڵەتـی فاتیمـی شـیعەی ئیسـماعیلی بـوو نـەوەك جەعفـەری.

**مەراسیمی جۆراوجۆر**

لەبەرئـەوەی ئـەم یادکردنەوەیـە سـەردەمی جیاجیـای بەخۆیـەوە بینیـەوە، هەروەهـا لـە هـەر کۆمەڵگەیـەك شـوێنەواری خـۆی بەسـەر دیاردەکـەوە هەیـە، بۆیـە هـەر بـەوە نەوەسـتاوە تەنیـا گریـان و شـیعر خوێندنـەوە بێـت لـەلای گـۆڕی ئیـمام، بەڵکـو وەك باسـکرا هـەر زوو لـە سـەردەمی بوەیهـی و فاتمـی ئـەم دیاردانـە هـاوڕێ بـوون لەگـەڵ یـادی عاشـووڕا و چلـەی ئیمامـی حسـین. بـەڵام بـۆ ئـەوەی باسـەکە زۆر درێـژدادڕ نەبێـت. ئـەو دیاردانـە بـاس دەکەیـن کـە بەرچاوترینیانـە، بـە تایبـەت لـە نزیکـی مـەزاری ئیـمام.

**وتاردانی حسێنیانە:**

مەبەسـت لێـی ئـەو وتارانەیـە کـەوا پیاوانـی دینـی لەسـەر مینبـەر دادەنیشـن و بـۆ خەڵکـی دەدەن، بـەڵام جیاوازە لـە وتاردانـی ئاسـایی، چونکـە لە زۆربەی باسـەکان دەیبەسـتنەوە بـە ڕووداوەکان و چیرۆکـەکان و بەسـەرهاتەکان و گفتـار و کردارەکانـی جەنگـی کەربـەلا، هەروەهـا شیعر و هۆنـراوەی بەسـەر ئیمامـی حسـێن دەهێننـەوە و بەجۆرێـك لاواندنـەوە دەیڵێـن. گریانـی خۆیـان و گوێگرانـی لـێ دەکەوێتـەوە. ئینجـا لەمـەوە دەچنـە سـەر ئـەو باسـانەی دەیانـەوێ پێشکەشـی بکـەن(١٢). ئەڵبـەت زۆربـەی جار ئـەم مینبـەرە لـە هۆڵێکـی سـەربەخۆ دادەنرێـت، یاخـود شـوێنێکی بـۆ تەرخـان دەکرێـت لـە شـێوەی نیمچـە حەرەمێـك کـە پێـی دەگوتـرێ حسـێنییە. هەروەهـا هەندێـك جار ئـەم هۆڵـەی حسـێنییە دەکـرێ لەنـاو چوارچێـوەی مزگـەوت بێـت. ئیـتر هـەر لەوێشـدا ماتـەم گێـڕان و لاوانەندنـەوە و ئەمانـە دەکـرێ.

**خوێندنەوەی (المقتل):**

خوێندنـەوەی مەقتـەل یاخـود ڕووداوی موحـەڕەم لـە سـەرەتاوە تـا سـەربڕینی ئیمامـی حسـێن، بریتییـە لـە شـەعیرەیەك لـە شـەعائیری حسـێنی لـە ڕۆژی عاشـووڕا تـا نیـوەڕێ ئـەو ڕۆژە، هەنـدێ جاریـش لـە چلـە (أربعينية) دەخوێندرێتـەوە، ئەمـەش لەڕێـی خوێندنـەوەی ڕیوایەتـی جۆرارجـۆری پەیوەسـت بـەم ڕووداوە، ڕەنگـە ناسراوترینیان کتێبـی (مقتـل الامـام الحسـين) ئەبـو موخنفـی ئـەزدی بێـت، کـە کۆنترینیـان لـەم بـوارە، ئەڵبـەت لـە بنـەڕەت کتێبەکـە نـاوی (وقعـة الطـف)ە، هـاوکات لەگـەڵ ئەمەشـدا چەنـد کتێبێکـی تریـش هـەن وەك (الهـوف علـى قتلـى الطفـوف)، ئیـبن تـاووس، (مقتـل الامـام الحسـين) سـەید عەبـدوڕەزاق مقـەڕەم و (مقتـل الامـام الحسـين) شـێخ عەبدوزەهـرا کەعبـی(١٣).

**سینەکوتان:**

لـە سـنگدان بـە ناولـەپ ڕەنگـە ناسراوتریـن مەراسـیمی تەقلیدی بێـت لـە ماتەمەکانـدا، کـە بـە نـاو لـەپ لە سـنگ دەدەن لـە سـاتی گوتنـی قەسـیدەی لاواندنـەوەدا. هەرچەنـد کـەم تـا زۆر لەنـاو کەلەپووری عەرەبـدا سـینگ کوتـان بـۆ ماتـەم هەبـوو بێـت، بـەڵام کـە تەشـەیوع دەبێتـە مەزهەبـی ڕەسـمیی دەوڵەتـی سـەفەوی، لەوێـدا ئـەم دیاردەیـە بەربڵاوتـر دەبێتـەوە وەك کاریگەربـوون بـە بەسـەرهاتی ئیمامـی حسـێن(١٤). ئیـتر لەگـەڵ تێپەڕینـی کات و لـە شـوێنێك بـۆ شـوێنێك، جـۆری لەخـۆدان دەگۆڕێـت. بـە شـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ گوتنـی جۆرێـك لـە سروودی لاواندنـەوەی عـەزاداری لەسـەر ئیقاع و بە دەنگـی هەسـت بزوێـن. ئـەو کەسەشـی سروودەکان دەخوێنـێ پێـی دەگوتـرێ ڕادوود. سـەبارەت بـە لەخۆدانیـش لەگـەڵ ئـەوەی زۆرێکـی ناودارانـی شـیعە ئەسـڵی دینـی بـەم دیاردەیـە دەدەن، ڕێـی پـێ دەدەن وەك فەتـوای مەرجەعـی خوئـی(١٥). زۆر مەرجەعـی تریـش هـاوڕان لەسـەری، بـەڵام مەرجەعـی خامەنەئـی ڕابـەری کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، پێـی وایـە ئەوپـەڕی ڕێـدان بـە لەخـۆدان ئەوەیـە کـە نەگاتـە ئـەوەی زیـان بگەیەنێـت(١٦)، بـەلای مەرجەعـی فەزلوڵـڵای لوبنانی وایـە کـە تـا ئـەو ئەندازە ڕێدراوە کـە نەبێتـە خۆ نمایشـکردن و خۆئـازاردان(١٧). هەرچەنـد گـەر لـە خـۆدان و نمایش و ئازاردانـی تێـدا دەربێـت، دەبـێ چیـتری لـێ بمێنێتـەوە؟

**زنجیر:**

مەبەسـت لێـی بـە دەسـتەوەگرتنی گورزەیـەك زنجیـری ئاسـنی بچووکـە، کـە ماتەمگێـڕان لـە شـان و پشـتیی خۆیانـی دەدەن(١٨). لـەوە دەچـێ سـەرچاوەی ئـەم دیاردەیـە لـە

هیندستانەوە هاتبێ. بڵاوبوونەوەشی لە وڵاتی ئێران بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاجاری. هەندێ لە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان تێبینی ئەمەیان لە ئێران کردووە لە سەردەمی قاجاری(١٩).لە هەر وڵاتێك بە شێوەی جیاجیا دەکرێتەوە، بە تایبەت لە هەردوو یادی عاشوورا و چلە. لەگەڵ ئەوەی کەوا زۆرێك لە مەرجەعەکان ڕێیان بەمە داوە تەنانەت مەرجەع هەیە خۆی بە زنجیر لەخۆی داوە و دەدات، بەڵام هاوکات مەرجەعی ناسراو و ناوداری وەك: سەید ئەبولحەسەنی ئەسفەهانی و سەید موحسین ئەمین و سەید هیبەتوڵڵای شەهرستانی(٢٠). بە مەرجی ئەوە ڕێی داوە کە زیان نەگەیەنێت، ئەڵبەت زۆر سەختە گورزەیەك زنجیر لە پشتی کەسێ بدرێ و زیان نەگەیەنێت.

**تیخبازی:**

جۆرێکە لە مەراسیمەکانی ئەم سەردەمە لە یادەکانی عاشوورا و چلە، کە بریتییە لە لێدانی پێشە سەر بە تیخی شمشێر یاخود کێرد و قەمە و هاتنە خوارەوە خوێن. هاوکات لەبەرکردنی کفنی سپی، ئەڵبەت هەندێکیان لە بەرەبەیانی ڕۆژی دەی موحەڕەم سەریان دەتاشن، ئنجا بە شمشێرێکی تیژ تیخی شمشێرەکە لە پێشە سەریان دەدەن، ئینجا بە شێوەی کەژاوە (موکب) دەڕۆن و بە دەنگی بەرز هاواردەکەن (حەیدەەەەر.. حەیدەر) مەبەست لە ئیمامی عەلییە. ئەڵبەت ئەمەش لەگەڵ دەنگی تەپڵی گەورە و هەڵکردنی ئاڵای خوێناوی و ڕەنگی سوور و فووکردن بە ئامێری کەرەنا، وەك ئاماژەیەك بۆ جەنگ(٢١). ئەم بابەتە لە هەموو دیاردەکانی تر زۆترین مشتومڕی نێوان زاناکانی شیعە و فەتواکانیان هەیە. هەیانە بۆ ئەوە چووە حەرامە و هیچ پەیوەستییەکی بە دینەوە نییە، هیچ سەرچاوەیەکی لە قورئان و سوننە بە ڕیوایەتی ئیمامەکانەوە نییە، بەڵکو وا دەبینن ئەمە سووکایەتی و هەتککردنی مەراسیمی ماتەمە، بەڵکو سووکایەتیە بە مەزهەب و تەنانەت خودی دین، ئەڵبەت ئەمە لە فەتواکانیان لە کتێب و تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان (ئەنتەرنێت) دەبینرێ، بۆیە ئەمە بەلایانەوە حەرامە و هیچ ویستێکی تێدا نییە، لەوانیش:

ئاخوندی خوراسانی، بروجردی، هیبەتوڵڵای و باقر سەدر، موحسین ئەمین، خومەینی، جەواد موغنیە، موتەهەری، کاشف غەتا، ئەبولحەسەن ئەسفەهانی، سەید فەزلوڵڵا، موحسن حەکیم و خامەنەئی، ئەڵبەت ئەمەش بەپێی بەیانێك لە مێژووی (١٠حوزێرانی١٩٩٤) بەرامبەر یەکی موحەڕەمی ساڵی (١٤١٥ك) ئەڵبەت لەو مەرجەع و زانا شیعیانەی پشتیوانی ئەم بەیانەیان کردووە: لەنکرانی، مورتەزا عەسکەری، سافی گلپایگانی، شاهرودی، مونتەزیری، مشکینی، مەکارم شیرازی، جەوادی ئاملی، کازم حائری، مەزاهری ئەسفەهانی، باقر حەکیم، مەهدی ئاسەفی، مەهدی شەمسەدین و عەفیف نابلسی(٢٢). لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی بەرچاو ڕێیان داوە، وەك: عەبدولهادی شیرازی، میرزا ئاملی، جەمال گوڵپایگانی، فانی ئەسفەهانی، موحسن تەبائەبائی، ئەراکی، ئەبولقاسمی خوئی، مەرعەشی، ڕەزا سەدر ... هتد بەو مەرجەی نە زیان بگەیەنێت، نە ببێتە هۆی سوککایەتی بە مەزهەب.

**ڕاکردنی توێرج:**

بە پێی گێڕانەوەکان لە سایتی ڕەسمیی عەتەبەی حسێنی وا هاتووە(٢٣): مێژووی ئەم مەراسیمە زۆر کۆن نییە هەر ١٥٠ساڵێك دەبێت. سەرەتاکەیشی وا هاتووە کە یەکێك لە ناودارانی قەزای توێرج کە ناوی میرزا ساڵح قەزوینی بووە ساڵانە لە دە ڕۆژی سەرەتای مانگی موحەڕەم مەجلیسی ماتەمباری دەبەست. لە ساڵی (١٨٥٥) یا (١٨٧٢) لە دەیەم ڕۆژی موحەڕەم واتە لە عاشوورا لە کاتی خوێندنەوەی مەقتەل، کە دەگاتە ئەم شوێنەی ئیمامی حسێن دەڵێ: هل من ناصر ینصرنا، ئەرێ ئەوە کەسێك نییە سەرمان بخات!! ئیتر ئەوانە بەجۆرێك دەکەونە جۆش و خرۆش.. هەموو هەڵدەستنەوە هەر بە ڕاکردن لەوێوە تە مەزاری ئیمام حسێن هاواری ئەوە دەکەن کە سەرمان لە ڕێتە ئەی حسێن، لبیك یا حسن. کە دەگەنە کەربەلا و خەڵکەکەش ئەمە دەبیستن ئەوانیش وەگەڵیان دەکەون، بە چەند ئاراستەی جیاجیا دەچن و دێن لەناو بازاڕی کەربەلا و بەرەو مەزاری عەباسی برای حسێن و لەوێشەوە بەرەو شوێنی خێمە سووتاوەکانی بنەماڵەی حسێن و مەزار

### چلەی حسێنی:

مەبەست لێی تێپەڕینی چل ڕۆژە بەسەر کوژرانی ئیمام حسێن و هاوەڵانی لە ڕۆژی عاشووڕا، کە دەکەوێتە ٢٠ی مانگی سەفەری هەموو ساڵێك. وەك ئەوەی لە سەرچاوەکان باوە، لەو ڕۆژەدا خێزانی ئیمامی حسێن دوای ئازادکردنیان لە شام، گەڕانەوە بۆ مەدینە، بەڵام سەرەتا بەرەو کەربەلا هاتن بۆ زیارەتی مەرقەدی حسێن، هەروەها وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە جابری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنساری کە لە سەحابەیە بە هاوەڵیی عەتییە کووفی هەر ئەو ڕۆژە هاتۆتە کەربەلا بۆ زیارەت و لەوێ پێی گەیوون(٢٤). ئەڵبەت لەگەڵ ئەمەشدا باسی ڕووداوێکی تریش هەیە لە هەمان ڕۆژی ئەربەعین

> **زیارەتی گڵکۆی ئیمامی حسێن بۆتە نەریت لە سەردەم بۆ سەردەمێك گۆڕاوە. سەردەمی وا هەبووە قەدەغە بووە و بەنهێنی کراوە، سەردەمی واش هەبووە دەسەڵات خۆی ئەمەی کردووە**

یاخود چلە پێی دەگوترێ (مرد الرأس). ئەڵبەت دوای کوشتن و سەرپەڕاندنی حسێن، سەری حسێن دەخرێتە سەر ڕمێك و شار و شار دەگێڕدرێت تا دەگاتە کۆشکی خیلافەت لە شام. دوای ئەوەی ماوەیەك ئەم سەرە لە کۆشکی خەلیفە دەمێنێتەوە. بەڵام دواتر باس لە چەندان چارەنووس دەکرێت کە چی لێ کراوە. هەندێك سەرچاوە دەڵێن لەوێ نێژراوە، یا لە مزگەوتی ئومەوی. هەندێك دەڵێن لە عەسقەلان، لە میسریش لەناو قاهیرە مەقام و مزگەوتێکی فراوان هەیە مەزارێکی تێدایە دەڵێن سەری ئیمام حسێنە. بەڵام جمهوری شیعەی ئیمامی ڕایان وایە، لە ڕۆژی چلە پێشی دەڵێن (مرد الرأس) کە مەبەست لە گێڕانەوەی سەری پەڕێندراوی حسێن لەگەڵ خانەوادەکەی دەگەڕێنێنەوە کەربەلا و گۆڕەکە هەڵدەکەنن و سەرەکەش لەگەڵ لاشەکەیدا دەنێژرێ(٢٥). بە هەرحاڵ شوێنی سەری حسێن هەر کامیان بێت، بەڵام لەوە دەچێ، ڕۆژی چلە هەر تەنیا تێپەڕینی چل ڕۆژ نەبێت بەسەر فەوتی کەسێك. چونکە گەر وا بێت ئەوا هەر تەنیا یەك ساڵ چلە دەکرێتەوە، دواتر ساڵیاد، بەڵام لەوە دەچێ ئەم ڕووداوانە بە جۆرێك بنەمایەکیان هەبێت.

### زیارەتی چلە:

بریتییە لە زیارەتکردنی مەزاری ئیمامی حسێن لە بیستی سەفەر بە بۆنەی چلەی شەهیدبوونی خۆی و هاوەڵانی، ئەڵبەت ئەم مەراسیمە بایەخی خۆی هەیە و لە سەرچاوەکانی شیعەی ئیمامی دەقی لەسەر هاتووە. بۆ نموونە: شێخی تووسی لە کتێبی (التهذيب والمصباح)، لە ئیمام عەسکەرییەوە ڕیوایەتیکردووە کە بە یەك لە نیشانەکانی ئیمانداری داناوە، و دەڵێ: نیشانەکانی ئیماندار پێنجن، نوێژکردنی پەنجا و یەك (مەبەستی لە پەنجا و یەك ڕکاتە لە ڕۆژێك بە فەرز و سوننەتەوە) ئەنگوستیلە خستنە دەستە ڕاست، زیارەتی چلە، نێوچاوان دانان لەسەر خاك بۆ سوژدە، دەنگ هەڵێنان بە بسم الله الرحمن الرحيم(٢٦). بە هۆی بوونی ئەم دەقیە و ئەم ڕووداوەی پێشتر باسکرا، لەوە دەچێ کۆمەڵگەی شیعی، ئەم بۆنەیە بۆ مێژوویێکی دوور بگێڕنەوە. بۆیە ئەمە بە ئەندازەی ڕۆژی عاشووڕا بایەخی دراوەتێ. ئەمە کاریگەری زۆری سەر شەقامی شیعی هەیە، بە جۆرێك لە هەموو وڵاتان بە تایبەتی لە عێراق، ساڵانە ملیۆنان ڕوو دەکەنە مەرقەدی ئیمام، وایش باوە زۆرێکی زیارەتکاران بە پێ ڕۆیشتن ڕوو دەکەنە کەربەلا، هەندێکیان لە شوێنانی زۆر دوورەوە هەر بە پێ تا کەربەلا دەچن، بە جۆرێك وا قەڵەباڵغ دەبێت وەك خۆپیشاندانی ملیۆنی وایە، وێنەی دەگمەنە لە جیهاندا، بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠١٤) ژمارەی

زیارەتکارانی چلە گەیشتوونەتە بیست ملیۆن بەپێی هەندێ داتاش ساڵی پێشتری ژمارەیان بیست و پێنج ملیۆن زیارەتکار بووە(٢٧). ئەڵبەت دوای گەیشتنیان بۆ کەربەلا، بە هەمان شێوە مەراسیمی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، وەك سنگ کوتان و تیخبازی لە هەندێ شوێن. هەروەها مەراسیمەکانی ماتەم و چەندانی تر. هەندێ جار تا دە ڕۆژ بەردەوام دەبن. بۆیە زۆر جار عەوامی شیعی دەڵێن: شەعائیرەکان دە ڕۆژی سەرەتای موحەرەم و دەی کۆتایی سەفەرن.

**کۆتایی:**

جگە لەمانەی باسکران، چەندان نیمچە مەراسیم و چالاکی جۆراوجۆر لەم دوو بۆنەدا هەن. وەك زەماوەندی قاسم (زفة القاسم) و سووتانی خێمەکان (حرق الخيم، مهرجان الرضيع: مەراسیمی شەهیدبوونی منداڵە شیرەخۆرەکەی ئیمام ... هتد بەڵام ئەوانە کەمتر دیاردەی سەرەکین لەو مەراسیمانەی موسڵمانانی شیعە مەزهەب.

هەموو دین و مەزهەبێك مەراسیم و سرووتە دینییەکانی، کاریگەریی تێپەڕینی کات و زەمەنیان بەسەرەوەیە. هەروەها بە هەمان شێوە دەکەونە ژێر کاریگەریی شوێن و هەڵکەوتەی کۆمەڵگەییان. بۆیە ئاسایی ئەم مەراسیمانە ڕەنگە هەندێکان لە بنەڕەتدا هەر نەبووبن، هەندێکیشیان چەندان گۆڕانکاریی جیاجیایان بەسەردا هاتووە.

لە کۆن و نوێدا، چەند سیستەمی حوکم ڕێگری کردبێت لە هەر مەراسیمێك، ئیتر بەپێی ئەو ڕێستایەی (کل ممنوع مرغوب) ئیتر هەوادارانی پتر حەزیان چۆتە دژایەتیکردنی سیستەم و ئەنجامدانی مەراسیمەکە. بۆیە ئاسایی زۆرێکی ئەو مەراسیمانە زۆر بە تۆخی دەکرێن لە ساتەوەختی نەمانی هەژموونی ئەو دەسەڵاتەی خۆی بەسەریاندا سەپاندووە.

## سەرچاوەکان:


١ الهيتمي، ابن حجر(١٩٩٧)، الصواعق المحرقة، مؤسسة الرسالة، الرياض، ص١١٥

العاملي، محسن الامين(٢٠١٧) اقناع اللائم على اقامة المآتم، العتبة الحسينية المقدسة، الطبعة الأولى، كربلاء، ص٣٠.

نەك هەر ئەمە دەيان سەرچاوەی سوننە و شیعە ئەم ڕووداوەیان نەقڵکردووە. وەك تەبەڕانی و ئەحمەد و شامی و ماوەردی و قندوزی و ماحوزی حاکم...هتد

٢ الأمين، السيد محسن (١٩٩٦) لواعج الأشجان، دار الأمير، بيروت- لبنان، ص ١٧٦.

٣ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (١٤٢٩)، تاريخ الأمم والرسل والملوك، دار احياء التراث العربي، بيروت - لبنان، ج٦/ ص٢٧١.

٤ المجلسي، العلامة محمد باقر(بدون سنة طبع) بحار الانوار لدرر أخبار الأئمة الأطهار، دار الكتب الاسلامية، ج١٠/ ص١٦٧

٥ الخليلي، جعفر (١٩٨٧)، موسوعة العتبات المقدسة، موؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت- لبنان، ج٨/ ص٢٥٧.

٦ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (١٤٢٩)، المصدر السابق، ج٣/ ص٤١٧.

٧ الكليدار، محمد حسن(٢٠١٦)، مدينة الحسين، سلسلة اصدارات كربلاء، الأمانة العامة للعتبة الحسينية، كربلاء، ج٢/ ص٧٣.

٨ ابن الاثير، علي عزالدين الجزري، الكامل في التاريخ، تحقيق عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ج٧/ ص٥٥.

٩ المجلسي، العلامة محمد باقر(بدون سنة طبع)، المصدر السابق، ج١٠/ ص٢٩٤.

١٠ مغنية، محمد جواد(١٩٧٩) الشيعة في الميزان، الطبعة الرابعة، دار الشروق بيروت - لبنان. ص١٣٦.

١١ المظفر، محمد حسين المظفر(١٩٨٥) تاريخ الشيعة، دار الزهراء للطباعة والنشر، بيروت - لبنان، ص١٨٨

١٢ حسن، السيد داخل (١٩٩٦)، معجم الخطباء، بيروت، المؤسسة العالمية الثقافية والاعلام، ط ١، ١٤١٦ هـ/ ١٩٩٦ ص ٢٣

١٣ حسن، السيد داخل (١٩٩٦)، المصدر السابق، ص٢٣٠.

١٤ فيگوئرا، گارسيا دسيلوا (١٣٦٣)، سفرنامه فيگوئرا، ترجمة غلامرضا سعيدي، طهران، دار نو، ص٣٠٩

١٥ الخوئي، آية الله المرجع الخوئي(٢٠٠٣)، المسائل الشرعية، مؤسسة الخوئي الإسلامية،ط٥، ١٤٢٤هـ ج٢ص٣٣٢.

١٦ آية الله العظمي الخامنئي، أجوبة الاستفتاءات، ج٢، ص١٢٩، موقع القائد،

١٢/https://www.leader.ir/ar/book

١٧ الموقع الرسمي لمؤسسة العلامة المرجع السيد محمد حسين فضل الله (رض)، بينات، استفتاءات/ عاشورا والأمور المتعلقة

.http://arabic.bayynat.org.lb/ListingFAQ٢ ١ =Language &١١٩ =aspx?cid

١٨ الحيدري، إبراهيم(١٩٩٩)، تراجيديا كربلاء؛ سوسيولوجيا الخطاب الشيعي، بيروت، دار الساقي، ط ١، ، ص١١٢.

١٩ حسام مظاهري (د م، د ت.) ، بالفارسي (فرهنك سوك شيعي)، قم ، ص٧١.

٢٠ السيد محسن الامين، رسالة التنزيه ، والرسائل المؤيدة والمعارضة لها، تحقيق محمد الحسون، قم، مركز الأبحاث العقائدية، د ت، ج١، ص٤٢-٢٥.

٢١ فتح الله، أحمد(١٩٩٥)، معجم ألفاظ الفقه الجعفري، الدمام، مطابع المدوخل، ط ١، ١٤١٥ هـ ، ص١١٤.

٢٢ الكربلائي، عبد الزهراء الحسيني(بدون سنة الطبع) ، آراء العلماء في التطبير، قم، ص١٧-٢١.

٢٣ حامد، حسين(٢٠١٨)، تعرف على تاريخ ءزاء ركضة طويرج وكيف نشأ ولماذا منع؟ الموقع الرسمي للعتبة الحسينية

٢٢٠٣٠/http://imamhussain.org/news

٢٤ ابن طاووس، علي بن موسى، اللهوف على قتلى الطفوف، قم، أسوه، ١٤١٤ هـ، ص٢٢٥.

٢٥ القاضي الطباطبائي(١٣٦٨)، تحقيق: درباره اول اربعين حضرت سيد الشهدا(ع)، قم، بنياد علمي وفرهنگي شهيد آيت الله قاضي طباطبايي، ص٢.

٢٦ الطوسي، محمد بن الحسن (١٤٠٧هـ) تهذيب الأحكام، طهران، دار الكتب الإسلامية، ج٦ ص ٥٢.

٢٧ موقع فردا، پيش بيني ورود ٢٠ ميليون زائر به كربلا.

/٣١٠٤٦٦/https://www.fardanews.com/fa/news




KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS